# موجاهدینی خەلق دەبێتە باندێکی تیرۆریستی سەر بە ئەمریکا

كولن _ ئەڵمانیا/عرفان کریم
arfan96@yahoo.de
21.02.05

ئیدعا پووچەکانی دەزگا راگەیاندەکانی سەر بە دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکا سەبارەت بە دیموکراسی و جەنگی ( ئازادی عێراق ) رۆژ بەرۆژ ناوەرۆکی دژە ئینسانی و ماهیەتە کۆنە پەرستانەکەی خۆی نیشان دەدات ,ئەگەرچی لەراستی دا پەیامی دیموکراسی ئەمریکا هەر هەر ئەم جۆرە لە دەسەڵات و حکومەتە کۆنە پەرستانەی لێدێتە دەرێ و بەرهەمی دێنێ کە ئێستا لەعێراق و کوردستاندا دەیبین واتە دەسەڵاتی قەومی و تایەفەیی و ئیسلامی سیاسی ,نمونەکانی ئەم جۆرە لە دیموکراسی ئەمریکی یە لە ئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا زۆر لە بەرچاون , دەسەڵاتی سەربازی جەنەرال پەرویز موشەرەف لە پاکستان و حوکمی خێزانی مەلیکی لە ئەردەن و دەسەڵاتی شێخ نشینەکان لە کەنداوی عەرەبی دا باشترین نمونەی بەرهەمی ئەو دیموکراسی یەن .

بۆ داسە پاندنی ئەم پەیامی دیموکراسی یە لە هەرناوچەو وڵاتێکدا دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکا هەمیشە پشت دەبەستێ بەو هێزو لایەنە کۆنە پەرستانەی کە بە توندی دژ بە ئازادی وهاتنە مەیدانی جەماوەرو خەڵکی ئازادیخوازن بۆ داواکاردنی خواستە بەرهەقەکانیان و بەشداریکردنی راستەخۆ لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسیاندا, ئەو هێزانەی کە درێژەی دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکان و دەبنە بەشێك لە پرۆسەی پاراستنی بەرژەوەندە ئابوری وسیاسی یەکانی لەو جێگایانەدا , هەر لە چوارچێوەی ئەم رەفتارە دژە ئینسانی یەدا دەزگا موخابەراتی وجاسوسی یەکانی سەر بە بنتاگۆن پەیوەندیان کردوە بە میلیشیا ئیسلامی یەکەی موجاهدینی خەلقەوە کە تا دوێنێ لە خزمەت رژێمی بەعس دا کاری یان دەکرد و چەندین تاوانیان دژ بە خەڵکی عێراق وکوردستان ئەنجام داوە بەتایبەت لەکاتی سەرکوتکردنی راپەرینی ساڵی 1991 دا , بە گوێرەی ریپۆرتاژێك کە کەناڵی تەلەفزیۆنی(ڤی .دی. ار ) ئەڵمانی ئامادەی کردوەو لە رۆژی 03.02.05 بڵاوی کردۆتەوە , وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا بەهاوکاری دەزگای موخابەراتی (سی.ئای.ئای) پەیوەندی بە موجاهدینی خەلقەوە کردوە بۆ بەکار هێنانی چەکدارەکانی ئەم میلیشیایە لە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و تێکدەرانە لە ئێراندا دوابەدوای پەرەسەندنی هەرەشەکانی ئەمریکا دژ بە ئێران .

لە ریپۆرتاژەکەدا یەکێك لە جاسوسەکانی دەزگای ئیستخاباراتی ئەمریکی بەناوی (رای ماك گۆرین) باس لە موجاهدینی خەلق دەکات ودەڵێ : ئەوانە تیرۆریستن بەڵام ئێستا ئەوان تیرۆریستی سەر بە ئێمەن . کەسێکی تر کە قسەکەری پێشووی وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا بووە و ناوی کارین کۆتۆ ویکسی یە دەڵێ : ئێمە ئەوانە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی تیرۆریستی بەکار دەهێنین کە خۆمان شەرم دەکەین دەستی بۆ بەرین .هەر لەریپۆرتاژەکەدا قسەکەری کۆمپانیای (گلۆبال ئۆپشن ) کە کاروباری مەشقپێکردنی میلیشیا و گروپی تیرۆریستی یە دەڵێ : ئێمە خەریکین مەشق بە میلیشای موجاهدین دەکەین بە هاوکاری وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا .